كوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
23-2-2007 16:22 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئیلا مەن یوهیموهولئەمر! ... ئامانج شاكەلی

هێژایان!
هیوادارم لەو ناونیشانە سەیرەی نووسراوەكەم نەحەپەسێن، چارەیەكی دیكەم نەبوو بۆ ئەوەی موناجاتی ئەم دڵە كەیلەم بە خزمەت ئێوەی خەمخۆر بگەیەنم، ئەگینا بێگومانبن لەوەی پەكم لەسەر وشە و ڕستەی شیرینی كوردی نەكەوتوە. وتم بەشكەم ئەو ناونیشانە بزەیەک وەسەر لێوی نهێنی پاریزتان بخات و چاوێكی مەرحەمەت بە ئەرزوحاڵی تاكێكی ئەوانەی ئێوە ناوتان ناون جەماوەری بەشەرەفی گەلەكەمان، بخشێنن. خۆ ئەگەر بۆشتان كرا، لە پەنایەكەوە سووكە وەڵامێكی بدەنەوە، تاكو سوكناییەک بەدڵی خۆشی لێتۆراوی بەندەدا بێت و بڵێم: ئۆخەی، دۆس خەوەردارەن!
بڵێم چی؟ خۆ ڕۆژانە نامەی كراوە و داخراو و نیوە داخراوتان ئاراستە دەكرێت، كەچی هیچیان وەڵام نادرێتەوە.
بەڕێزینە!
داخوازییەكانم جۆرێكی دیكەن و باوەڕ فەرموون بایی فلسە سوورەیەک خێری خۆمی تێدا نییە. ئاخر نەداوای ئەرز و خانووتان لێدەكەم و نە مانگانەو پارەی خانەنیشینی، نە شەهیدانە و نە بریندارانە.
گلەیی نەبوونی گاز و كارەبا و نەوتیشتان لێناكەم، چونكە دەزانم پێتان پەیدا ناكرێت. دڵنیام ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەلا دەدەن بۆ چارەسەركردنی كەمایەسییان. شوكرێ چاوم هەیە و دەبینم دوژمن چواردەوری تەنیون. دۆست بووە بە جنۆكەی بیسمیلا لێكراو. كەسیش لە پڕێ نابێ بە كوڕێ. ناشڵێم هیچتان نەكردووەو نەبوونتان لە بوونتان بە قازانج ترە، چونكە سەرباری هەموو گەندەڵی و خراپییەكان، سەرباری ناڵەباری و كەموكورتییەكان، هێشتا خشتێكی دیواری پەرلەمان بە هەموو خاكی – مینەلموحیت ئیلا ئەلخەلیج- ناگۆڕمەوە. خۆ هەرنەبێ، ڕۆژگارێک، كە پێوەری پیاوەتی خۆبەختكردن و ڕاستگۆیی و تێكۆشان و برسییەتی و نەبوونی بوو، ئا لەو ڕۆژگارەدا، منیش خەونم بە ڕۆژێكەوە دەبینی ئاڵای سەربەستیمان چقڵئاسا لە چاوی دوژمنان بچەقێت. سوێم بۆ سەرفرازی خاكی ڕۆژانە ئەتككراومان دەبۆوە. زۆر جارانیش بە دیار جەستەی كەسانێكەوە فرمێسكم هەڵڕشتووە كە ژیانی خۆیان كردە قوربانی ڕێگەی گەیشتن بەم ڕۆژەی ئێوەی تێدا خەنیی بوون.
بەڕێزینە!
وا پێدەچێ ئێوە بەداخەوە، ئەو ڕۆژگارەتان بە تەواوی لە هزرو بیری خۆتان سڕیبێتەوە. ئەگینا چۆن لێدەگەڕان ئەو هەموو مار و مڵە و كەمتیار و گورگەتان لێوە كۆوە بێت؟!
چۆن لێدەگەڕان ئەوانەی ئەو ڕۆژگارە كەواسووری بەر لەشكری ئەنفال بوون و لە پرسەی ئازیزانماندا سەرچۆپییان دەكێشا، ئەمڕۆ دیسان ببنەوە دەمڕاست و مێزەرلاری دیوەخان و دیسانەوە كیسەو گیرفانی بێبنیان لە بەشی بەشخوراوان پڕكەن؟!
هێژایان!
وا دیارە ئەنفالتان بەلاوە خەونێكی ناخۆشە. ئەگینا لە بریتی هۆتێلی چوائەستێرە و ئاهەنگی پڕ ئەستێرە، چواردیوارتان بۆ بێنەوایان دروستدەكرد.
عالیجەنابان!
وا دیارە لە كوردستان بەڕاستی "قەحگ ڕلرجال"ە ئەگینا ئەو هەموو كۆنە بەعسی و كۆنە لۆتیی و كۆنە قەڵەمفرۆشانەتان بۆ كردۆتە دەفتەرداری زمان و فەرهەنگی كوردی؟!

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-2-2007 16:22

ماقولان!
ناکرێ ئەوەندەی خجلّی بۆیاغکردنی سەروسمێلّتانن، سەدیەکی ئەوە مشووری فێربوونی کوردییەکی ڕەوان بخۆن؟ خۆ کەسێکتان تێدا نییە کوردییەک بزانێ مرۆ بە بیستنی لە کوردی نەبێزێت!
نەدەکرا لەبریتی پێشوازیی و ڕێز لێنانی زرە هونەرمەندان و شایەرانی دەستەوشار، خەمێک لە بارهێنان و پەروەردە کردنی نەوەی نۆیی کورد دا بووایەن؟ ئایا هەرگیز لە خۆتان پرسیووە ئاستی پەروردە لە کوردستاندا لە چاو دواکەوتووترین ولّاتی جیهاندا چۆنە؟ ئەرێ کەستان تا ئێستە، چاوێکتان بە کتێبی فێرگەکاندا خشاندووە تا بزانن چ گلّەزەنگ و کوردقڕانێکە؟
ئەرێ ئەو هەموو دزی تالّان و بڕۆیە تێری نەکردن؟ چۆنە وا بۆگەنی گەندەلّی کاسی نەکردوون؟ بەڕاستی ئێوە بە دیتنی کاسەسەرە غەریبەکانی نووگرە سەلمان لەرزتان لێنایەت؟ لە بالۆرەی جەرگسووتاوانی ئەو گەرمیانە شەرم ناتانگرێ؟ هەرگیز ڕۆژانی جارانتان بە خەیالّدا نایەت؟
هێژایان!
من لێرەوە لە ڕەوتاری ناحەزتان شەرم دەمگرێ!
بەڕاست ئەگەر ئێستە بۆ تاوێک شەهیدان ئاگەداری کردەوەکانتان بن، تۆ بلّێی خۆ لە ناونیشانیان بێبەریی نەکەن؟ تۆ بلّێی گۆڕ هەلّنەتەکێنن و پڕ بە ئاسمان نەزریکێن "دەک خەجالّەت بن!"
تۆ بلّێی؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلّاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.